پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر خۆی بشۆردایە لە پاش لەشگرانی، دەستی پێدەکرد سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپی وداميٚنی دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژکردن بۆ نوێژکردن

لە عائیشەوە دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر خۆی بشۆردایە لە پاش لەشگرانی، دەستی پێدەکرد سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپی وداميٚنی دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژکردن، پاشان ئاوی دەبرد (بە دەستەکانی) وپەنجەکانی دەخستە نێو بنی قژیەوە (مووەکانیەوە)، هەتاوەکو ئەگەر پێی وابووایە کە قژی (مووەکانی) بە تەواوی تەڕ بوون؛ سێ چنگی (هەردوو دەست) بەسەر سەریدا دەکرد، وپاشان (ئاوی) دەکرد بەسەر هەموو لاشەیدا، پاشان پێیەکانی دەشۆرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی غوسڵی (خۆشۆردنی) پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات کاتێک بیویستایە خۆی بشوات لە پاش لەشگرانی، سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد بۆئەوەی پاک بن کاتێک دەیەوێت ئاو بهێنێت، وپاش ئەوە دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژگرتنی بۆ نوێژکردن. چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مووی زۆر بوو (مووی ڕیشی وقژی)؛ دەستی تەڕ دەکرد ودەیهێنایە نێو مووەکانی هەتا دڵنیا دەبوو کە هەموو مووەکانی تەڕ کردووە وئاو گەیشتووە بە پێستی ژێرەوەی مووەکانی قژ وڕیشی، پاش ئەمە سێ جار ئاوی دەکردە سەریدا وپاشان هەموو لاشەی دەشۆرد، وشۆردنی پێیەکانی دوادەخست بۆئەوەی کۆتا ئەندام بێت کە بیشوات، لەگەڵ ئەم غوسڵە تەواو وکاملّەش؛ ئەوا تەنها یەک سەتڵ (تەشت) ئاو یان کەمتریش بەس بوو بۆئەوەی خۆی پێ بشوات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10032